# شای ئێران و ڕۆژی دووەم پاش پەیماننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠

لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٦٨حکوومەتی بەریتانیا ڕایگەیاند کە هێزەکانی خۆی پاشەکشێ پێ دەکات لە ناوچەی کەنداوی فارسی پێش کۆتایی ساڵی ١٩٧٠. ئەم ڕاگەیاندنە بووە مایەی مەترسی بۆ تەواوی ناوچەکە لەسەر هەموو وڵاتانی کەنداوی فارسی. لەم کاتەدا هیچ زلهێزێک نەبوو ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە پاش پاشەکشێ ی هێزەکانی بەریتانیا.

لەو کاتەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە گەرمەی شەڕی ڤێتنامدا بوو. پیلانگێڕە ئەمریکیەکان تووشی دڵە ڕاوکێ بوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەمنیەتی قەومی بە دروس بوونی بۆشایی لە پاش پاشەکشێی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکە. پاش هەوڵدانێکی زۆری بەریتانیا بۆ دروستکردنی یەکێتی وڵاتانی ناوچەکە بێ سوود بوو چونکە هیچ دەوڵەتێک ئامادە نەبوو بە دروستکردنی یەکێتیەک لە ناوچەکە لە بەر کێشەی سنووریی، بە بیرو ڕای ڕۆژئاوایەکان تەنها ئێرانیەکان دەتوانن ئەو بۆشایە پڕ بکەنەوە.

یەکێتی سۆڤێتی زۆر هۆشدار بوون لە نەبوونی هیچ مەترسیەکی ئەوروپا لە سەریان سەبارەت بە ناردنی نەوت بۆ ڕۆژئاوا.

لەو کاتەی کە دەسەڵاتی بەریتانیەکان زاڵ بوو لە ناوچەی کەنداو تموحاتەکانی شاە خەوتبوون. پاش بڕیاردانی پاشەکشێی تەواوی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەی کەنداو لەلایەن سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا (هارولد ولسن) پێش کۆتایی ساڵی ١٩٧١، وە کۆتایی هێنانی دەسەڵاتی بەریتانیا لە جیهاندا، تموحاتەکانی شاە لە کەنداو زیندوو بوونەوە. لەلایەکی ترەوە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتگریان لە تموحاتەکانی شاە دەکرد لە ناوچەی کەنداو.

حکوومەتی ڕیاز (رياض) پێیان باش بوو کە ئەمریکیەکان جێی بەریتانیەکان بگرنەوە لە ناوچەکە. بۆیە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش ئەم سیاسەتەی ڕیاز بەردەوامە.

شاە محمد ڕەزا بەهلەوی هەوڵی دەداو وا خۆی نیشان دەدا کە توانای ئەوەی هەیە هەستێت بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لە ناوچەی کەنداو پاش پاشەکشێی هێزەکانی بەریتانیا بە واتای شوێنی بەریتانیەکان بگرێتەوە. بە پێی پڕۆژەکەی نیکسۆن ئێران دەتوانێت ڕۆڵێکی مەزن ببینێت لە سیاسەتی ئەمریکی لە ناوچەی کەنداو. ئەویش لەڕێگەی پێدانی چەک و تەقەمەنی و تەکنەلۆژیای نوێ بە هێزەکانی ئێرانی. ئەم هەموو شتانە بوونە هۆی دروست بوونی پەیوەندیەکی پتەوە لە نێوان حکوومەتی واشنتۆن و تەهران، هێزەکانی ئێران لە جیاتی ئەمریکیەکان ئەم بۆشاییە پڕ دەکەنەوە پاش گەڕانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکە.

لە ١٢ ئازاری ١٩٧٠ واتە تەنها یەک ڕۆژ دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار، وە ساڵێک و نۆ مانگ پێش گەڕانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکە، شاە فەرمانی کرد بە سەرۆک وەزیرانی خۆی کە پەیوەندی بکات بە باڵوێزی ئەمریکی لە تەهران. لە م بابەتە سەفیری ئەمریکی دەڵێت:-

هوەیدا دەڵێت شاە دەیەوێت بە بیرم بێنێتەوە کە ئەو گفتوگۆیەی کرا لە نێوانماندا لە ڕۆژی ١٤ی کانوونی دووەم سەبارەت بە بابەتە مەترسی دارەکانی سۆڤیەت و عێراق لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەر وەک ئەوەی کە شاە پێشبینی مەترسیەکانی دەکرد لە تەواوی ناوچەکە سەبارەت بە هەنگاوەکانی دووەمی سۆڤیەت بۆ دروست کردنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەکە کە ئەمەش دەبووە مایەی نیگەرانی شاە...

بە بۆچوونی شاە ڕێکەوتننامەی نێوان عێراق و کورد دەبێتە هۆی دروست بوونی مەترسیەکی گەورە لەسەر ئاسایشی ناوچەی کەنداو و دوورگەی عەرەبی. لەبەر ئەوەی عێراق لەو کاتەدا دەتوانێت ٢٠ هەزار سەرباز بنێرێتە ناوچەی کەنداو، وە سەرچاوەی دارایی عێراق زۆر زیاد دەبێت، توانای بۆ کاری تێکدەرانە لە دژی دەوڵەتە بچووکەکانی ناوچەی کەنداو زیاد دەبێت. ڕێکەوتن نامەکە بەڵگەیە بۆ پتەو بوونی پێگەی سۆڤێتی لە عێراق. وە گومانی تێدا نیە شاە زیادەڕەویەکی زۆری دەکرد لای ئەمریکیەکان دەرباری مەترسیەکان بۆ بەدەست هێنانی چەکی پێشکەوتووی ئەمریکی. هەر بۆیە شاە هەستا بە ناردنی نامەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ کۆشکی سپی بەم شێوەیە:- "ئەم گۆڕانکاریانەی کە ڕووی داوە بە واتای ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازار لەنێوان بەغدادو و کوردا پێویستی بەناردنی چەک و تەقەمەنی پێشکەوتوو هەیە کە لەهەموو جارانی تر ڕابردوو پێویسترە، بۆ ئەوەی کە ئێران ببێتە هێزێکی گەورەی بەر پەرچدەری پێویست لە ناوچەکەدا پێش ئەوەی کە هێزەکانی بەریتانیا پاشەکشێ بکەن لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١."

وەشاە ئومێدەوار بوو کە:- " ئەم گۆڕانکاریانە مایەی چاو پێخشاندنەوەیە لەلایەن ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بە مەرجە داراییەکانی بۆ بەرژەوەندی ئێران." وەشاە ئاماژەشی کرد ئەگەر هاتوو ئەمریکا یارمەتی دەر نەبوو بە پێی پێویست سەبارەت بە فرۆشتنی چەک ئەوا ناچارە پەنا بەرێتە بەر "سەرچاوەیەکی تر" جگە لە ئەمریکا لەبەر ئەوەی زۆر گرنگە بۆ ئێران پێش پاشەکشێی هێزەکانی بەریتانیا لە کەنداو هێزەکانی خۆی بەهێزو تۆکمە بکات.

شاە لەڕۆژی ١٩٧٠/٣/١٨ چاوی کەوت بە باڵوێزی ئەمریکی لە تەهران، بە پێی ڕاپۆرتەکەی باڵوێز " شاە نیگەرنیەکی زۆری پێوە دیار بوو" وە چەندین جار دەگەڕایەوە سەر هەمان پرسیار بۆچی کە ناتوانێت یارمەتی سەربازی بەدەست بهێنێت (بە قەرز بەرامبەر بە نەوت) بۆ بنیاد نانی هێزێکی تۆکمەو پێویست بۆ پاراستنی کەنداو.

دیسان ئاماژەی بەوە کرد "پرۆژە گەورە" ی سۆڤیەت دەبێتە هۆی هاتنە ناوەوەی سۆڤیەت بۆ دوورگەی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگای عێراقەوە.

وە پێگەی سۆڤێتی لە زیاد بووندا بوو لە عێراق هەتا لەم دوایانەدا بەغداد توانی زۆر لە چەکی سۆڤێتی پێشکەوتووی هەوایی لە جۆری مێک بەدەست بهێنێت وە یارمەتی دان بۆ بنیاد نانی هێزی دەریایی عێراقی لە کەنداو، لەلایەکی تریشەوە هێزە دەریاوانیەکانی سۆڤێتی ئیمتیازاتی باشیان لە مینای بەسرە هەبوو.

بە باوەڕی شاە پاراستنی ئاسایشی کەنداو بە هاوکاری ئێران و سعودیەو دەوڵەتە بچووکەکانی ناوچەکە دەکرێت، وە شاە دڵنەوایی مەلیک فەیسەڵی شای عەرەبستانی سعوودی دایەوە کە نیگەران بوو پێی وت : "نیگەران مەبە ئاسایشی ئێرانی بڕ دەکات هەتا دەریای سوور وە ئاسایشی دەوڵەتە

عەرەبیەکانی کەنداو بڕ دەکات تا دەریای قەزوین." وە شاە بە باڵوێزی ئەمریکی ووت: "هاریکاری ئاسایشی نێوان وڵاتە کەنداویەکان بێ سوودە بە بێ بوونی هێزی بەر پەرچ دەری بەهێزو ڕاستەقینە." وە شاە لە باڵوێزی پرسی"کێ هەیە بتوانێت بەر پرچی ئەو هێزە سەربازیە بداتەوە لە ناوچەکە؟ پاکستان؟ شاهنشینیعەرەبی سعوودی ؟ وڵاتە لاوازو بچووکەکانی کەنداو؟ ئاکامی وەڵامەکان هیچ کام لە وڵاتەکان ناتوانن.

وە شاە بەراوردی هێزە سەربازیەکانی خۆی لەگەڵ هێزەکانی عێراقدا کرد کە ئێران خاوەنی شەش فرقەی سەربازیە کە عێراقیش خاوەنی شەش فرقە بوو. لەگەڵ هەبوونی جاوازیەکی زۆر لە نێوان ژمارەی دانیشتوانی هەردوو وڵات. هەر بۆیە شاە داوای کڕینی ١٤ دەرزەنی فڕۆکەی جۆری ئێف ٤ ، کە دەکاتە ١٦٨ فڕۆکە، کە بگاتە دەست هێزەکانی ئێرانی هەنگاو بە هەنگاو لە ماوەی ٦ ساڵدا. دیسانەوە شاە بە باڵوێزی وتەوە سەرباری ناردنی ئەو فڕۆکانە ئێستاش کەمترمان هەیە لەچاو عێراق جگە لە وڵاتانی تری عەرەبی وەک سوریا میسر وە وڵاتە عەرەبیە توندڕەوەکانی تر.

وە شاە دووپاتی کردەووە لە بوونی کێشە لە کەنداو بەهۆی لاوازی وڵاتەکانی کەنداو یان هەڵکوتانە سەری وڵاتە عەرەبیە توندڕەوەکان بۆ ناوچەی کەنداو کە پێویست بە هێزێکی ئێرانی توندو تۆکمەو بەر بەرچ دەر هەیە. وە شاە زۆر بە ڕاشکاوانە بە باڵوێزی سۆڤیەتی وت کە ئەوان هیچ مەبەستێکی دوژمنیایەتیان نیە لەگەڵ عێراق. بەڵام هەر کاتێک عێراق دەستدرێژی بکاتە سەر وڵاتانی کەنداو کێشە بۆ ئێران دروست بکات، ئێمە هەڵدەستین بە سزا دانێکی توندی عێراق. بە بیرو ڕای شاە وا باشترە بەم شێوازە توندە ڕەفتار بکات لەگەڵ سۆڤیەت و عێراق. وە ئاماژەشی بەوە کرد:- سۆڤیەت و عێراق دەبێت دڵنیا بن ئەم هەڕەشەیە لە کاتی پێویست دا دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە. بەم شێوەیە ئێران دەبێتە هۆی هێزێکی بەر بەرچەدەر لەهەر کارێکی دەستریژی کەرانە لە وڵاتانی کەنداو.

سەرباری ناڕەزایی کۆنگریسی ئەمریکی سەبارەت بە داواکانی شاە بەڵام کۆشکی سپی هەستا بە جێ بەجێ کردنی زۆربەی داواکانی شاە.

دیار بوو بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران جیۆستراتیژی بوو. ئەویش لەبەر هەڵکەوتنی خاکی ئێرانی کە شوێنێکی ستراتیژی و گرنگ بوو هاو سنوور بوو لەگەڵ سوڤیەت، وە ڕێگاو بانی ئاسمانی و زەمینی ئێران ئەوروپا دەبەستێتەوە بە باشووری ئاسیا وە وڵاتە ڕۆژهەڵاتیە دوورەکانی تر وەکو (چین،هند،یابان....هتد).

لەبەرژەوەندی ئەمریکادا بوو کە پەیوەندی خۆیان بپارێزن لەگەڵ ئێران کە خاکی ئێرانیان لەدەست نەچێت و بکەوێتە دەست سۆڤیەتیەکان. وە دیسانەوە لە بەرژەوەندی ئەمریکادا بوو کە پەیوەندیەکی پتەوی دوو قۆڵیان هەبێت لەگەڵ ئێران بۆ ئەوەی کە ئەمریکا بتوانێت وا لە ئێران بکات ببێتە مایەی بەر قەرار بوونی هێمنی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

دیسان هەبوونی بەرژەوەندی فراوان لە نێوان ئەمریکاو ئێران بە تایبەتی نەوت و غاز. لە لایەکی ترەوە دەبینرا کە وڵاتی ئێران ڕۆژ بەڕۆژ لەگەشە سەندنی ئابووری دایە.

ئەیوب بارزانی

٢٠١١/١١/١٥

ژنێف سویسرا